# هەلومەرجی سیاسی کوردستان و
# ئەرکی قورسی چالاکوانانی مەدەنی و سیاسی

ڕەزا کەعبی
r.kaabi@yahoo.com

کۆمەڵگای کوردستان و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی بۆ بە دەستهێنانی مافی دیموکراتیک و ڕەوای خۆیی، یەکێکَ لە گرنگترین، هەستیارترین و دژوارترین قوناغەکانی خۆی تێپەر دەکات. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بەهەموو هێز و توانای خۆیەوە هەر چەشنە خەبات و جوڵانەوەیەکی سیاسی بە توندترین شێوە وڵامدەداتەوە. پاش هاوینی ٨٤ و ڕاپەڕینە مەزنەکەی سەرتاسەری کوردستان و پاش هاتنە سەر کاری کابینەی ئەحمەدی نژاد، ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە بەرنامەیەکی داڕێژراو هەمەلایەنە، کار و ئەرکی خۆی هەم تۆڵەسەندنەو لە ڕاپەڕینەکەی کوردستان لە هاوینی ٨٤ داناوە و هەم لە قەیرانێکی گەورە و پڕ مەترسی کە تێدا نوقم بووە و ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ قوڵتر دەبێتەوە، زیاتر لە هەموو شوێنێکی دیکە نیگەرانی کوردستانە و بۆ ڕاگرتنی دەسەڵاتی خۆی، مەرجی یەکەمی یان یەکێک لە سەرەکیترین مەرجەکانی سەرکوت و خەنکاندنی بزووتنەوەی کوردستان و هەڵسووڕاوان و تێکۆشەرانی سیاسی و مەدەنی داناوە.

وەک سی ساڵی ڕابردوو کوردستان بۆ کۆماری ئیسلامی هێڵی سوورە. تەنانەت یاساکانی ڕاگەیەندراوی ڕژیم و هاتوو لە دەستور، کوردستان ناگرێتەوە و یا کاربەدەستانی ڕژیم ئاشکرا پێشێلی دەکەن و دەڵێن کە ئەم یاسایانە بۆ کوردستان نیە. کوردستان بۆ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی  وەک سی ساڵی ڕابردوو ڕەمزی مانەوە و ڕەمزی نیشاندانی قەدەر قودرەتی ئەم ڕژیمەیە. هەروەک چۆن لە سەرەتاوە ئەم ڕژیمەوە، سەرکوتی کوردستان و داگیرکردنی خاکی کوردستان و کردنی کوردستان بە مۆڵگەی سەدان هەزار هێزی چەکدار و ئیتلاعاتی و بەسیج  و بەکرێگراوی خۆی کردە مەرجی دامەزراندنی ڕژیمەکەی، ئێستاش کۆماری ئیسلامی کە توشی قەیرانێکی گەورە و نێوخۆیی و نێونەتەوەییە، سەرکوتی کوردستان ئەولەویەتی یەکەمە و بۆ نیشاندانی مانەوە و درێژەی دەسەڵاتی خۆی کپکردنی دەنگی کوردستان یەکێک لە مەرجە سەرکییەکانیەتی.

کوردستان بۆ کۆماری ئیسلامی هێڵی سوورە، لەبەرئەوەی خەڵکی تێکۆشەری کوردستان و بزاڤی نەتەوایەتی و دیموکراتیکی ئەم گەلە سی ساڵە لە ژێردەسەڵاتی هارترین ڕژیمی سەردەم، درێژە بە خۆڕاگری و ڕاوەستایی داوە. گەورەترین کاربەدەستانی ڕژیم بە باشی هەست بە نامۆیی خۆیان لە گەڵ خەڵکی کوردستان دەکەن. هەزاران جار هەموویان  لێیان حاڵی بووە کە خەڵکی کوردستان و کۆماری ئیسلامی بە هیچ جۆرێک یەک ناگرنەوە. ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی ڕێگا نادات گەشەی ئابووری و ئاوەدانکردنەوە بە پێی پێویست و بە پێوانەی هەموو ناوچەکانی دیکەی ئێران، بەرەوپێشبچێت لەم ڕاستیەوە سەرچاوە دەگرێت کە ڕژیمی ئیسلامی دەسەڵاتی خۆی لە کوردستان نەتەنیا هەتاهەتایی نازانێ، بەڵکوو بۆ درێژەی دەسەڵاتی خۆی دەبێ دەیان هەزار هێزی ئامادە و پرچەکی بۆ بەرامبەرکێ لە گەڵ جموجۆڵ و ڕاپەڕینی کوردستان لە مۆڵگەکانی خۆیان دانا

بێ. سەردانی سەرۆک کۆمار و کاربەدەستانی باڵای رژیم وەک سەردانی فەرماندە و سوپای داگیرکەری وڵاتێکە کە سەربازان و هێزەکانی خۆی بەسەر دەکاتەوە.

بەڵام لە سی ساڵی رابردوودا، بزووتنەوەی رزگاریخوازی و خۆڕاگری خەڵکی کوردستان، گەلێک پاشەکشەی بە رژیم کردووە. ئەو ئامانجانەی کە رژیم بۆ هێرش بۆ سەر کوردستان و داگیرکردنی لەبەردەم خۆی دانابوو، نەتەنیا نەهاتووەتە دی، بەڵکوو ئەوە بزووتنەوەی کوردستانە کە لە جوغرافیا و پانتایەکی زۆر و بەرینتر درێژەی هەیە. یەکگرتوویی خاک و خەڵکی کوردستان هیچ کات تا ئەم رادە پتەو و پڕبایەخ نەبووە. هێرشی هاوینی ساڵی ٥٨ بۆ سڕینەوەی نەتەوەیەک و سەرکوتی بزووتنەوەکەی بوو، بەڵام ئەوەی کە ئێمەو هەمووان شاهیدی بووین، گەشەی ساڵ بەساڵی بزووتنەوەی کوردستان و پەرەسەندنی جوغرافیای سیاسی و نەتەوەیی ئەم گەلەیە. لە رۆژهەڵاتی کوردستان، ئەگەر خوراگری چەکداری و پێشمەرگانە لە بەرامبەر چەندین قوناغ هێرشی رژیم بۆ سەر کوردستان بەتایبەت لە هێرشی هاوینی ٥٨ و بەهاری ٥٩، سەرەکیترین شێوازی راوەستای و بەرامبەرکێ لە گەڵ داگیرکەران بوو، ئەوە لە درێژەی دەسەڵاتی رژیم و خۆڕاگری خەڵکی کوردستان، گەلێک شێوازی دیکەی خەبات و موبارزە لە دژی رژیم هاتووەتە ئاراوە کە لە جەرگەی شارە داگیرکراوەکانی کوردستان، چالاکوانانی مەدەنی و سیاسی ئەرکی قورسی بەرەو پێش بردنی خۆڕاگری نیشمانی و رزگاریخوازانەیان کەوتووەتە سەر شان. بەتایبەت پاش کزبوونی خەباتی چەکداری و داگیرکردنی تەواوی خاکی کوردستان و پاشەکشەی هێزی پێشمەرگە بۆ دەرەوەی سنوورەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، درێژە و مانەوەی بزاڤی کوردستان و قورسایی ئەم بزاڤە کەوتووەتە سەرشانی جیلێکی نوێ لە تێکۆشەرانی سیاسی کە دەبێ لە گەڵ هەلومەرجی نوێ و لە هەلومەرجی داگیرکەرانەی خاکی خۆیان، شێوازگەلێکی تایبەت بەو هەلومەرجە بدۆزنەوە. ئەم چالاکوانانە و هەڵسووڕاوانی سیاسی و مەدەنی بۆ ساڵانێکی دوورودرێژ، جێگای حیزبەکان و تێکۆشەرانی ناسراوی کوردستانیان کە ناچار کرابوون خاکی کوردستان بە جێ بهێڵن گرتووەتەوە و توانیویانە زۆر بەباشی ئەرکی درێژەپێدانی خۆڕاگری خەڵکی کوردستان و خەبات دژی کۆماری ئیسلامی و سوپای داگیرکەر وەئەستۆ بگرن.

لە کوتایی دەیەی ٦٠ی هەتاویی تائێستا، چالاکوانانی سیاسی، مەدەنی بە حوزوری خۆیان توانیویانە دەنگی خەباتێکی رەوا بەرز رابگرن و لە زۆرێک لە بوارەکاندا حوزوری بەچاویان هەبێ. گەشەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە کوردستان لەم قوناغەوە دەستپێکرد. دەیان و سەدان رێکخراوی مەدەنی، فەرهەنگی، سیاسی، ئەدەبی و کۆمەڵایەتی لەلایەن هەڵسووڕاوانی کوردستان دروست بوون و توانیان نە تەنیا خەباتی گەلی کورد درێژە پێبدەن، بەڵکوو توانیان بەرو مودێنیزم و پێشکەوتنخوازیەکی ئەمڕۆیی هانی بدەن و وەک هەموو کۆمەڵگایەکی ئەم سەردەمە، لە ئامراز و تکنۆلۆژی و پێوانەکانی سەردەمی خۆیان کەڵک وەربگرن. بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان هەم تا رادەیەک ئەرکی نیشتمانی و خۆڕاگری بزووتنەوەی کوردستانیان کەوتە سەرشان و هەم خەباتی گەلی کوردیان مودێرن و پێشکەوتنخوازتر کردۆتەوە.

پاش هاتنە سەرکاری کابینەی ئەحمەدی نژاد کە یەکێک لە پێوانەکانی بۆبەشداری وەزیرانی لە کابینەکەی، بەشداری لە سەرکوتی بزووتنەوەی کوردستان و "خزمەت" لە کوردستان بوو، رژیمی کۆماری ئیسلامی لە هەوڵی ئەوەدایە کە رێگای چالاکی و هەڵسووڕاوانی تێکۆشەر و چالاکوانانی

سیاسی و مەدەنی لە کوردستان بەرتەسک بکاتەوە و کەپ و خامۆش یان بکات. هاتنە سەرکاری ئەحمەدی نژاد بە تایبەت هاوکات بوو لە گەڵ راپەرینی هاوینی ٨٤، کۆماری ئیسلامی و کابینەی ئەحمەدی نژاد کە بە راپەرینی هاوینی ٨٤ راچڵەکان، بۆ تولەسندنەوە لە خەڵکی کوردستان نە لە رۆژەکانی راپەڕین کە دواتر بە بەرنامە و پلانێکی دارێژراو کەوتنەخۆ کە بەڵکوو هەرچەشنە جموجوڵ و راپەرینێکی داهاتوو بە تەواوی بەربەست بکەن.

لەم چەند ساڵەی کابینەی ئەحمەدی نژاد و بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی سەراسەری ئێران و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەلومەرجی نێونەتەوەیی کۆماری ئیسلامی، بە تایبەت قەیرانی قورسی ئابووری و دەسەڵات و سیاسی، کۆماری ئیسلامی بۆ دریژەی دەسەڵاتی خۆی، هێرشێکی هەمەلایەنەی لە سەرتاسەری ئێران بە کوردستانیشەوە دژی خەڵک، دژی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان و دژی چالاکوانانی سیاسی ومەدەنی بە تایبەت دەستی پێکردۆتەوە. بە مانۆڕی نیزامی تاران گەمارۆ دەدەن. لەم ساڵانە چەندین تێکۆشەری سیاسی یا ئێعدام کراون یان لە ژێر ئەشکەنجە و زینداندا گیانیان لەدەست داوە، یان بە فراوانی راپێچی زیندانەکان کراون. رێکخراوەکانی مەدەنی و سیاسی، گۆڤار و رۆژنامە و چاپەمەنی بە تەواوەتی بەرتەسک کراونەتەوە. لە کوردستان ئەم سەرکوتە بێ شەرمانەتر بەرێوە چووە و دەچێ. هەروەک چۆن دادستانی دادگای یەکێک لە شارەکان لە وەڵام بە نارەزایەتی یەکێک لە بنەماڵەی زیندانیان کە وتبووی رۆڵەکەی ئێمە بە پێی یاسا دەبێ ئازاد بکرێ، بێ شەرمانە وتبووی کە " ئەم یاسایانە بۆ کوردستان نیە"

هێزەکانی ئیتلاعات و ئینتزامی هێرشێکی گەورەیان دژی خەڵکی کوردستان و بەتایبەتی هەڵسووڕاوان و چالاکوانانی سیاسی و مەدەنی سازمان داوە. ئەرکێکی قورس کەوتووەتە سەرشانی ئەم تێکۆشەرانە. هەمووان شاهیدی ئەوەین کە چلۆن درێژە بە خەبات و خۆراگری خۆیان دەدەن و هەولی ئەوەیانە کە شێوازی خۆی بدۆزنەوە بۆ بەرامبەر بە هەل ومەرجی تازە و سەرکوتی بەربڵاوی رژیم. چەندین تێکۆشەری کوردستان لە ژێر حوکمی سێدارەدان. چەندین تێکۆشەری سیاسی زۆر زۆر نامرۆڤانە لە زیندانەکان گیانیان لە دەست داوە. زۆرێک لە چالاکوانانی سیاسی راپێچی زیندان کراون و یا بە دانانی بارمتەی قورس ئازاد کراون و هەرچەشنە جموجولێکیان لێسندراوەتەوە. سەرەڕای ئەم سەرکوت و گوشارو ئێعدام و زیندانانە، لە سەرتاسەری کوردستان جموجوڵی سیاسی، مەدەنی و رێکخراوەیی لە هەموو بوارەکاندا درێژەی هەیە. کۆبوونەوەی گەورە لە سەرمەزاری ئیبراهیم لوتفلاهی لە ساڵرۆژی شەهید بوونی، بەیاننامە و نووسراوەکانی روناکبیران و نووسەران، چالاکی بەربڵاوی تێکۆشەری حیزبە کوردستانیەکان، مانگرتنی زیندانیانی سیاسی و پشتیوانی گەورەی خەڵکی کوردستان و دەنگدانەوەی لە دەرەوەی کوردستان، هەموو ئەمانە نیشان دەدەن کە ئەرکی قورس تێکۆشەران و چالاکوانانی سیاسی و مەدەنی لە هەلومەرجێکی دژواردا بەرێوەدەچێت.

بۆ پشتیوانی لەم تێکۆشەرانە و هەڵسووڕاوانی سیاسی و مەدەنی و، هەروەها بۆ درێژەی خەباتی رزگاریخوازی خەڵکی کوردستان و خۆڕاگری ئەوان، پێویستە کە هەمەلایەنە بە دەنگیانەوە بچین و ئەرکی قورسی ئەوان لەم هەلومەرجە تا دەتوانین سوکتر بکەین و دابەشی بکەین. میدیاکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەت تەلەفزیونەکان دەتوانن رۆڵی گەروەیان هەبێ.

کۆمەڵە و تێکۆشەرانی بۆ ئەم هەلومەرجە دەبێ زۆرتر ئامادە بن. بڕیاری سەرەکی کۆنگرەی دوازدەهەمین کۆمەڵە لە هاوینی رابردوو، کار و چالاکی لە ناوخۆی کوردستان، یارمەتی و پشتیوانی و گەشەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، هەوڵدانی زۆرتر و رێکخراوتر بۆ گەشەی خەبات و خۆڕاگری خەڵکی کوردستان و گەشەی رێکخستنەکانی کۆمەڵە بوو لە سەرتاسەری کوردستان. تێکۆشەرانی کۆمەڵە ئەرکی زۆریان لەم بوارە و لە پێناوی ستراتیژی سیاسی ئێستا و داهاتووی کۆمەڵە لە سەرشانە. چڕوپڕترکردنی هەوڵەکانمان، پێوەندی راستەوخۆتر لە گەڵ چالاکوانانی سیاسی و مەدەنی، لە گەڵ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، بەرەوپێشبردنی پرۆژەی هاوبەش بۆ بەرپەچدانەوەی هێرش و سەرکوتی رژیم، بەشداری هەرچی زۆرتری خەڵکی کوردستان بۆ خەباتێکی هەمەلایەنەتر و راستەوخۆ و کێشانی سەرەنجی هەموو کۆمەڵگای کوردستان بۆ پێوەستییەکی نەتەوەیی لە ئەمڕۆ و سبەی کوردستان، دەبێ ئەرک و کاری سەرەکی رێکخستنەکانی نهێنی کۆمەڵە و کادرەناسراوەکان و تێکۆشەرانی دێرین و ئیستای بێ.